# ئەرکی ڕووناکبیر:
# گەمەیەکی سیاسی یان تراویلکەی ڕۆشنگەری!

مەسعوود بابایی

داوای ئەرک لە کەسێک بە ناوی ڕووناکبیر لە جیهانی سێیەم و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەڵبژاردنی پەتی سێدارەی دەسەڵاتە و فەرامۆشیی کۆمەڵگەیە!

ئەگەر لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا ئەرکێک بۆ ڕووناکبیر پێناسە بکەین، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا ئەرکەکەی دەستنیشان دەکەین کە هێشتا بە گرێبەستی جڤاکی لەنێوان خۆی و دەسەڵاتدا نەگەیشتووە. لە جێیەکدا کە هێشتا بنەماکانی ڕەواییی سیاسی لە دەرەوەی ڕای خەڵکدایە و یەزدانناسییەکی سیاسی سەرچاوەی فەرمانڕەواییە، ئەرکی ڕووناکبیر نەک هەر ئەرک، بەڵکو "گەمەی مەرگ"ە. ئەگەر لە لایەن دەسەڵاتەوە بەر بەزەیی بکەوێت، لە پێواری "جڤاکی مەدەنی"دا "توونی بابا و ئاوی ئاموون"ە!

## ئــەرک

"مرۆڤــی ئــازاد"، لــە ئەنجامــی ڕامان و بیرکردنــەوە و بینینــی دۆخــی ژیــاری و کولتــووری و ڕۆحیی مرۆڤ، لــە بارودۆخی هەنووکەیــی خــۆی و دەوروبــەر تێدەگات. "تێگەیشتن" بەرپرســایەتییە و بەرپرسایەتی لــە "هەڵوێســت"دا ڕەنــگ دەداتــەوە. هەڵوێســتنواندن ئەرکــی ســەرەکیی ڕووناکبیرە؛ ئەم هەڵوێســتە کاتێک لەبەرانبەر دۆخێکــی جڤاکــی، سیاســی و کولتووریدا بەربەســتی بۆ دروســت دەکرێت، ئیدی لە "هەڵوێستنواندن"ەوە دەبێتە "هەڵوێستگرتن". هەڵوێســتگرتن، دەستنیشــانی پێگەیــە و دەستنیشــانکردنی ســنووری کۆمەڵگەیە کە دەســەڵات نابێت داگیری بــکات. لەبەرانبەر هەر هەڵوێستێکی سیاســی کە لە بڕیارێکی سیاســیدا خۆی دەنوێنێت، هەڵوێستگرتنێک هەیە کە ئەرکی ڕووناکبیر تێیدا بەرجەســتە دەبێتەوە. ئەم بەرجەســتەبوونەوەیە بەرەنجامی دەروەســتبوونێکە کــە لــە پەیمانامــەی ڕووناکبیریدا کــە هەمان "ڕۆشــنگەری"یە پێناســە کراوە.

پاشەکشــێ لە هەڵوێســت، پاشەکشێیە لــە ئەرک و ئــەم پاشەکشــێیە دەبێتە مایەی سەندنەوەی پێناســەی ڕووناکبیرە لەو کەسەی کە ئەم ئەرکەی خســتووەتە ئەســتۆی خۆی. هەر پاشەکێشــێیەک لە مــاف و پێگەدا دەبێتە هۆی پێشــڕەویی ڕووبەری دەســەڵات بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا کە بەگوێرەی "گرێبەســتی کۆمەڵایەتیی ڕۆســۆ" نابێت ئــەو ڕووبەرە داگیر بکرێت. لێرەوە مەترســیی ئەرکــی ڕووناکبیری دەردەکەوێت؛ ڕووناکبیر ئەگەر نوێنەری "ویژدانی زیندوو"ی جڤاک بێت، دامراندنــی ئەم ویژدانە، لەڕاستیدا کوشتنی ڕۆحی سەربزێوی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە پێگەی هۆشــیاریی بــە ڕووناکبیر بەخشــیوە. ئەرکــی ڕووناکبیری لــە خۆیدا بەخشــینی چەند تایبەتمەندییەکە بە ڕووناکبیر، واتە پێناســەی ئەرکەکــە، تایبەتمەندییەکانی کەسێتیی ڕۆشــنگەرانەی ڕووناکبیر دەستنیشان دەکات کە هەندێکیــان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ - سەربەخۆییی هزری
٢ - دلێریی ڕەوشتی
٣ - هەستیاری بەرانبەر بە دەسەڵات
٤ - دەروەستبوون بە ڕاستی نەک بەرژەوەندی
٥ - ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا
٦ - گرێدانی ڕا و کەتواری (واقع) جڤاکی
٧ - بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
٨ - بەرپرسایەتیی زمانی

بەگوێــرەی ئەم خاڵانەی ســەرەوە ڕووناکبیر "پەنددادەری(واعــظ) ڕەوشــت" نییــە، هەروەها "پســپۆڕی دەســەڵات" یان "ڕاســپێردراوی دەســەڵات"یش نییە. جێگرەوەی دەســەڵاتی سیاســییش نییە. ڕووناکبیر کەســێکە کە - لە ڕوانگەی فۆکۆوە - لەنێوان دەســەڵات و هەقیقەتدا مەودا دادەنێت، لــە ڕوانگەی ئیدوار ســەعیدەوە ڕووناکبیر نەک "پســپۆڕێکی ئۆقرەگــر" بەڵکو چالاکێکی بــێ ئۆقرەی ڕەخنەگری دەســەڵاتە.

**بەگوێرەی تایبەتمەندییەکان تایبەتمەندیی کاری ڕووناکبیری دەتوانین دەستنیشان بکەین:**
گوتنی ڕاستییەکان بە دەســەڵات نەک دژایەتیی دەســەڵات (بەو مەرجەی دەسەڵات گوێ بگرێت، مەبەســت گوێگرتنە نەک ئەوەی هەموو داواکانی ڕووناکبیر جێبەجــێ بــکات)، خۆبەدوورگرتن و مانەوە لە پەراوێزی دامــەزراوەکان، دژایەتی لەتەک پسپۆڕیگەراییی سنووردار، هەڵوێستنواندنی ڕەوشتی و هەڵوێستگرتنی سیاسی، لەقاودانی گێڕانەوە زاڵەکان، خۆڕاگری لەبەرانبــەر توانەوە و ڕاکێشــران بەرەو دەســەڵات، زمانی ڕوون و پــاراوی دوور لە زمانی ئاکادیمیک.

ئـــەم ئـــەرک و تایبەتمەندییانـــە لانیکەم لە کۆمەڵگـــەی کـــراوەی مەدەنـــی و لانـــی زۆر لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا دەستنیشـــان دەکرێن و لەلایەن سیاســـەت و دەســـەڵاتەوە لە چوارچێوەی کایە و گەمەی جڤاکی و سیاسیدا بەفەرمیی پەسند دەکرێن.

بـــەڵام بەداخـــەوە ســـپاردنی ئەرکێک بە کەســـێک لە لایەن کۆمەڵگەوە بێ ئەوەی خودی جڤاک بەرپرســـایەتییەکی ڕەوشـــتی لەبەرانبەر ســـپاردنەکەی وەربگرێت، تایبەتمەندییەکی زەقی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتە! پاشەکشێی بەکۆمـــەڵ و بوێری تـــاک دوو بەرەنجامی هەن: ســـەری ژێـــر دار و ملی ســـەر دار! قســـەی ڕۆشـــنگەرانەی بێ ئەرک، تووشی ئەم ساویرەمان دەکات کـــە گوایـــە ئێمە خەریکیـــن کارێک دەکەین؛ بەدحاڵیبوون یان خۆخەڵەتاندن وا دەکات کە کـــردەی زمانی، جێی کردەی ڕاســـتەقینەی سیاسی بگرێتەوە. ئەو شـــتەی کە بە "دواندریی سیاسی" (ڕیتۆریکی سیاســـی) ناوی دەرکردووە، وەک "ئاگـــری بێ شـــەوقی دزان"ە! بەو واتایەی کە بژێرویژییەک (ئافۆریـــزم) دەتوانێت دۆخێکی دالەنگاوی (ڕیدەکتیڤ) کردەی سیاســـی بەرهەم بهێنێت کە زیاتـــر هەڵکفینی هەڵمی مەنجەڵێکە کە دەســـەڵات دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کاردانەوەی جڤاک پێشـــبینی بکات.

هەر داوایەک بۆ ڕیفۆرمێک ســـەرەتا دەبێ لە کەشـــێکی ئازادیی دەربریندا برەخســـێت. واتە ئێمە ئەو کاتـــە داوای گۆڕانکاری دەکەین کە پێش هەموو شـــتێک لانیکەمـــی ئازادیی دەربریـــن دابین کرابێت تا بتوانین "نەخشـــە ڕێگە"ی خۆمـــان بخەینە ڕوو. لـــە بارودۆخی داپڵۆســـین و چەوسانەوە و ســـتەمکاریدا کە تۆرەمـــی هـــەر دەنگهەڵبریـــن و نارەزایەتی و ڕەخنەیـــەک لەبـــار دەبرێت، باســـکردن لە "نەخشـــە ڕێگە" کارێکی نەکردەیە! ئەزموونی مێژوویی ســـەلماندوویەتی کـــە ڕووناکبیرانی پێداگر، شۆڕشـــگێڕانی داهاتـــوون. بەو واتایەی ئەوانـــەی جۆرێک لـــە پێداگری و سەرســـەختی و چاونەترســـی لـــە ناخیانـــدا شـــک دەبەن، بەئاســـانی واز لە یۆتۆپیاکەیـــان ناهێنن. ئەم کەســـانە دەیانهەوێـــت لە جیهانێکـــدا بژین کـــە مەرجەکانی ژیانـــی دڵخـــوازی ئەوانی تێـــدا دابین کرابێـــت. دابەشـــبوونی جیهان بەســـەر ســـێ بـــەرەی "ڕاســـت و چەپ و نێوەڕاست" بەرەنجامی بەریککەوتن و گفتوگۆی ئەو کەســـانەیە کە واز لـــە مەرجەکانی ژیانی دڵخوازی خۆیان ناهێنن کـــە بە زاراوەی "ژیانی سیاســـی" ناوی لێنراوە. ئەمە کـــە ڕووناکبیران دەتوانن شۆڕشـــگێڕانی داهاتـــووی وڵاتێک بن لێرەوە ســـەرچاوە دەگرێت. هیچ سیســـتمێکی سیاســـی تاهەتایە ناتوانێت "تێزی زاڵی سیاسەت" بێـــت و بەناچـــار لەبەرانبـــەر جیهانســـازیی بیروهۆشـــی بیرمەندانە یان ڕووناکبیرانە دەبێ هەڵوێســـت بگرێت. ئەگەر هەڵوێستەکەی ئەوە بێت کە دۆخی هەنووکەیی بگۆڕێت، شـــێوەی ئاشـــتیيانەی گۆڕانکاریی سیاسی دەگرێتەبەر و ئەگەر بیهەوێت دۆخـــی هەنووکەیی بپارێزێت لەگەڵ بیـــری نوێدا دەکەوێتـــە ململانێ. کات بە قازانجی سیســـتمێکی سیاسی کە بیهەوێت دۆخـــی هەنووکەیـــی بـــە هەمـــوو نرخێک بپارێزێت، نییە. دۆخی بەرەوپێشـــچوونی کات، دۆخـــی بوونبەیەتییـــە (صیـــرورة) و هەموو شـــتێک دەگۆڕدرێت؛ یان بەرەو گەشـــە یان بەرەو پووکانـــەوە. لە سیاسەتیشـــدا دۆخێکی "بوونبەیەتیی سیاســـی" هەیە کـــە بەرەنجامی گۆڕانکارییەکـــی دیالکتیکییە لە بیروهۆشـــی مرۆڤانـــدا ڕوودەدات و گەلێ جار دەســـەڵاتی سیاســـی هەســـتی پێنـــاکات. جۆرێـــک لە بنکۆڵکردنی سیاســـی کە لەنـــەکاو بۆ دۆخی پێشـــبینینەکراوی "شـــۆڕش" وەردەگۆڕدرێت. هەموو "تۆتالیتاریزم"ێک مەرجەکانی ڕەواییدان

به شۆڕشێک لە هەناویدا دەپەروەرێنێت. لەبەر ئەوەی بەرەنگاری بوونبەیەتییەکی سیاسی دەبێتەوە لەنێوچوونی خۆی مسۆگەر دەکات. تەمەنی درێژی دیکتاتۆرییەکان هەندێ جار خەڵک دەخەڵەتێنێت یان بێهیوایان دەکات کە گوایە ئەم دەسەڵاتە هەمیشەییە. پێشبینیی ڕووخانی دیکتاتۆری ئاسان نییە بەڵام بیروهۆشی ڕووناک کە ڕەوتی "بوونبەیەتیی سیاسی" دەبینێت لە ڕووخانی ئەم جۆرە ڕێژیمانە دڵنیایە. بۆ نموونە دەرگایەکی ئاسنین، بە ڕێکاری جیاوازی وەک بۆیاخکردن تەمەنی درێژ دەبێتەوە بەڵام هیچ ئاسنێک ناتوانێت تاهەتایە لە هێزی کەشوهەوای دارزێنەر خۆی ڕزگار بکات، چونکە ئەگەر دەرگای ئاسنەکەش دانەرزێت ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەنی دەرگاکە وازی لێدەهێنێت، واتە بۆ دەرگایەکی نوێتر لێی دەگەڕێت تا بڕزێت! خاڵی یەکەم، واتە هێزی دارزێنەری کەشوهەوا "بوونبەیەتیی سروشتی"یە و خاڵی دووەم. واتە وازهێنانی مرۆڤێک لە دەرگایەکی کۆن بە لەدەستدانی هۆگری پێی، کە نیشانەی وازهێنانی لە جیهانێکی کۆنە، بوونبەیەتییەکی سیاسییە! پێوەندیی خەڵک و دەسەڵاتیش هەر بەم چەشنەیە: ئەگەر بیروهۆشی کۆمەڵگەیەک لە دەسەڵاتێکی سیاسی تێپەڕێت، نیشانەی ئەوەیە لە داهاتوویەکی نەچەندان دووردا سیستمی سیاسی دەکەوێت!

## دۆخ و کردە

ئەرکی ڕووناکبیر تەنیا نواندنی کردەی ڕووناکبیری - سیاسی نییە؛ لەڕاستیدا هیچ کردەیەکی ڕووناکبیری نییە کە سیاسی نەبێت. بەم گوێرەیە لەبەرانبەر دەسەڵاتدا هەر کردەیەکی ڕووناکبیر دەکرێ بە گەمەیەکی سیاسی لێک بدرێتەوە کە لە ژینگەی جڤاکیدا ڕوودەدات. گەمەیەک لە دەرەوەی ئۆرگانیزاسیۆنی دیاری سیستمی سیاسی؛ گەمەیەک کە هەموو هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ پاراستنی دۆخی هەنووکەییی سیاسەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دەسەڵاتی ستەمکاری بەگوێرەی ڕێورەچەی دەسەڵاتداریی خۆی ئەم گەمەیە بە "کاری تێکدەرانە" لێک دەداتەوە و ئەگەر لە گۆشەنیگای ستراتیژیی "پاراستنی دۆخی هەنووکەیی"ەوە لێی بڕوانین، ئەم لێکدانەوەیەی دەسەڵات ڕاست و ڕەوایە؛ هەرچەند لە باری چەمکی دادپەروەرییەوە دزێو و تاوانبارانەیە. کە وابوو ئەرکی ڕووناکبیر لە "کۆمەڵگەی مەدەنی"دا گوتنە و لە دۆخی ستەمکاریی سیاسیدا "کردە"یە. بنبەست یان هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەناچار ڕووناکبیر دەکات بە "شۆڕشگێڕ"! بەگوێرەی سروشتی کاری ڕووناکبیر "ڕۆشنگەری" چ گوتن بێت و چ "کردە" ڕاستەوخۆ گەمەیە لەنێو گەمەدا. باڵادەستیی (ئوتۆریتیی) بیروهۆشێکی نێو کۆمەڵگەی سیاسییە لەبەرانبەر باڵادەستیی ئۆرگانیزاسیۆنی زاڵ. ئەم بەریەککەوتنە لە قۆناخێکدا دەبێ یان بە "ململانێی توند" یان بە"گفتوگۆی بنیاتنەر" بگات. ئەگەر هیچکام لەمانە ڕوونەدات، گەندەڵیی سیاسیی بۆ نێو کۆمەڵگەی سیاسی شۆڕ دەبێتەوە و ئێمە بە دۆخی لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی (Social Collapse) دەگەین. زیندانەکان پڕدەبن لە گیراوانی سیاسی، لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی هەموو شتێک دەبێت بە سیاسی، هەموو بەندکراوان دەبن بە بەندکراوی سیاسی! کۆمەڵگە هەموو شتێک بە سیاسی لێک دەداتەوە، کە وابوو تاوانبارانیش دەتوانن بە ناوی بەندکراوی سیاسی شەرەفمەندیی "زیندانیی سیاسی" بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئامانجی دەسەڵاتی

سیاسی لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە مانای "کردەی سیاسی" وەها چەواشە بکات تا بتوانێت بە "تاوانی سیاسی" لەقەڵەمی بدات و دواجاریش هەوڵ دەدات ئەوەندە ئاسانی بکاتەوە تا شتێک بە ناوی "تاوانی سیاسی" نەمێنێت! ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت لەم بارەوە هەستیاریی کۆمەڵگە بکوژێت، بەدڵنیاییەوە کاری ڕووناکبیری وەک "ئەرک" مانای خۆی لەدەست دەدات.

## ململانێ و بەرەنگاری

ململانێی دەسەڵات و ڕووناکبیر هەمیشەییە و هیچکات کۆتایی نایەت! بە بڕوای من سروشتی بوونبەیەتیی سیاسی ئاشتیهەڵنەگربوونی ئەم دوو چەمکە دەسەلمێنێت. گفتوگۆی نێوان "ڕووناکبیران" و "دەسەڵات" بۆ ئەوەیە کە سروشتی ململانێیەکە لە پەرانپەری جڤاکی (Social Environment)دا بە کاروکارلێک بکات و دەسەڵات بتوانێت لە پێڤاژۆی بوونبەیەتیی سیاسیدا ئاگاداری گۆڕانکارییە جڤاکییەکان بێت. بەڵام تەنیا دەسەڵاتێکی کراوە، مەدەنی و لە دوایین وێستگەدا دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک دەتوانێت بچێتە ژێر باری کاروکارلێک و گۆڕانکارییە جڤاکییەکان، چونکە ئەمە بە واتای "دەستاودەستی" دەسەڵاتە. واتە سیاسەتکاران بەوە ڕازی ببن کە گەمەی نێو بازنەگۆڕکێ قبووڵ بکەن. بەوەی کە خۆیان لەگەڵ سووڕی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بگونجێنن و بەناچار دەبێ مل بە ڕەوایی سالاریی خەڵک ڕابکێشن. هیچ تۆتالیتاریزمێک ناتوانێت ئەم کارە بکات. ئەم کارە پێویستیی بە وازهێنان لەو یەزدانناسییە سیاسییە یان ئەو شیرازە ئوستوورەیی و ئایدیۆلۆژیکە هەیە کە ڕەوایی سیاسیی پێبەخشیون. بەم گوێرەیە، ئەرکی ڕووناکبیر کارێکی سیاسیی مەترسیدارە کە دەسەڵاتی سیاسی وەک "گەمەی سیاسی" لێی دەڕوانێت و دەسەڵاتی ستەمکار چەشنی "تاوانی سیاسی" پێناسەی دەکات.

جاڕدانی "شۆڕش" لە لایەن ڕووناکبیرەوە تەنیا ئەو کاتە "ڕەوایی" پەیدا دەکات کە "کۆمەڵگەی مەدەنی" بەتەواوەتی هەڵوەشابێتەوە و چی دیکە "گوتن" وەک تایبەتمەندیی سەرەکیی "ڕۆشنگەری" قەدەخە کرابێت. ئەمە کە کۆمەڵگە چ کاتێک بە خاڵی تەقینەوە دەگات، پێشبینینەکراوە؛ بەڵام ئەگەر هەموو سنوورەکانی "گوتن" بەرووی ڕووناکبیردا دابخرێت "ئەرکی ڕووناکبیر" ئەوەیە کە داوای هەڵوەشانەوەی ڕێژیمی سیاسیی زاڵ بکات، ئەگەر ئەم کارە نەکات دەتوانین بە خیانەت بە ئەرکی خۆی لەقەڵەمی بدەین! لەم پێناوەدا هاندانی کۆمەڵگەی سیاسی بۆ گۆڕانکاریی سیاسی ئەرکێکی ڕەوشتییە. "کۆمەڵگەی سیاسی" هەموو ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە دەتوانن لە گۆڕانکاریی سیاسیدا کاریگەرییان هەبێت؛ واتە دامەزراوەکانی خوارەوە و بیرۆکەی ڕووناکبیران نەخشەڕێگەی گۆڕانکاری دادەڕێژن و دەبن بە جێگرەوەی سیستمی سیاسی. ئەمە کە ئەم گۆڕانکارییە چۆن دەبێت و جێگرەوەی سیستمی سیاسی چ جۆرە خەباتێک هەڵدەبژێرێت، پەیوەندیی بە سروشتی ململانێی هێزەکانەوە هەیە. هەندێ جار وا دێتەبەرچاو کە بەرەنگاری کارێکی ناچارییە و ئەو خاڵی تەنگەتاوی و تەقینەوەیە کەی و چۆنە، هیچکات پێشبینی ناکرێت. تەیارکردنی ڕای کۆمەڵایەتی لە "ڕا"وە بۆ کردە تەنیا ئەرکی ڕووناکبیر

نییە، بەڵکو ئەرکی ئەو هێزە سیاسییانەی جڤاکی سیاسییە کە رووناکبیر بە "بیرۆکە" بۆ نواندنی کردەی سیاسی، هۆشیاری کردوونەتەوە.

## لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی
## (Social Collapse)

لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی (یان لەبەریەکهەڵوەشانی ژیارەکی) بە دارمانی کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی مرۆیی دەگوترێت بە هۆی لەنێوچوونی ناسنامەی کولتووری و تێکتەنراویی جڤاکی – ئابووری، داماویی خزمەتگوزارییە جڤاکییەکان و گەشەی توندوتیژی.

وەسفی لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی، لە خودی زاراوەکە ترسێنەرترە؛ سەرەتاکان بەم چەشنە دەست پێدەکەن: وێرانبوونی ئابووری و پاشان دارایی، لەکارکەوتنی ئۆرگانە جڤاکییەکان و پاشان بنبەستی سیاسەت، تێکچوونی پێوەندییە سیاسییەکان و دوابەدوای ئەوە پێوەندییە جڤاکییەکان. لەبەریەکهەڵوەشان سەرەتا لە دۆخی ناسەقامگیری ئابوورییەوە دەگات بە دارایی، ئنجا ئۆرگانی جڤاکی پەکی دەکەوێت و پەل بۆ ئۆرگانی سیاسی دەهاوێت؛ رەوتێکی پێچەوانەتر ئەمجارە لە تێکچوونی پێوەندییە سیاسییەکانەوە دەست پێدەکات و بەریەککەوتنەکان بەرەو کۆمەڵگە شۆڕ دەبنەوە. دەمارگیریی جڤاکی تەشەنە دەکات و دوابەدوای ئەمە گفتوگۆ پەکی دەکەوێت. بە هۆی لاوازبوونی دەزگا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزگای هاوتەریب و سێبەر لە هەموو لایەکەوە وەک قارچک هەڵدەتۆقێن و توندوتیژی زمانی و کردەیی چاوی بینین و گوێی بیستن ناهێڵێت. نەخوێندەواریی گشتیی فراوان دەبێتەوە و ئامانجی قسەوباسەکان بەزاندنی یەکدییە، گەندەڵیی سیاسی و ئابووری ئاستەکانی پێوەندیی نێوان تاکەکانیش دەگرێتەوە و "هەلپەرستی" جێی بەرژەوەندیی گشتی دەگرێتەوە. لەم بارودۆخە ترسناکەدا ترس لە کۆمەڵگە جێی ترس لە دەسەڵات دەگرێتەوە بەو واتایەی کە "رووناکبیر و دوابەدوای ئەوە چالاکانی فەرهەنگی کە سەر بە چینی نێوەراستن هێزی جڤاکیی خۆیان لەدەست دەدەن. چین و توێژەکانی خواروو کە لە باری ئابووری و جڤاکی و کولتوورییەوە هەژارترن، دەبن بە دەمڕاستی کۆمەڵگە و دەمارگیری و توندوتیژیی نەریتی و ئایینی وردە وردە تەشەنە بە ترس لە کۆمەڵگە دەدەن. لەم دۆخەدا "رووناکبیر" ئەرک و دەوری خۆی لەدەست دەدات. ئایا لێرەوە رووناکبیر ئەو مافەی هەیە کە ببێت بە شۆڕشگێر یان جێگرەوەی رێبەرانی سیاسی؟! ئەم پرسیارە بەگوێرەی پێناسەکردنی ئەرکی رووناکبیر وڵامەکەی نەخێرە، بەڵام بەگوێرەی سروشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وڵامەکەی بەڵێیە. مرۆڤانی سەرسەخت یان باوەڕمەند لە هیچ قۆناخێکدا پاشەکشێ لە یۆتۆپیایان ناکەن و ئەرکی رەوشتیی رووناکبیر، پاش بێهیوابوون لە گۆڕانی ریفۆرمیستی دەلوێ بەرەو کردەی سیاسیی شۆڕشگێرانە هانی بدات. ئەمە لە مێژوودا رووی داوە و دەکرێ لە داهاتووشدا لە هەموو کۆمەڵگەیەکی هەڵوەشاوەدا پاتەوپات ببێتەوە. بەکورتی ئەرکی رووناکبیر دەکرێ وەک ئەرکی رۆشنگەرانە و رەخنەگرانە بمێنێتەوە و لە بارودۆخی بنبەستدا بەرەو گەمەی سیاسی وەربگۆڕێت و رووناکبیر ئەرکی رێبەری سیاسی بگرێتە ئەستۆ.

تراویلکەی رۆشنگەری، لە کۆمەڵگەی هەڵوەشاوەدا بۆ ماوەیەک بە خەیاڵانی

یۆتۆپیایی یان بە بیری نەرمونیانی عیرفانییەوە بەردەوام دەبێت. ئەم تراویلکەیە بەرەنجامی خوێندنەوەی ساویلکانە یان ئایدیۆلۆژیکە کە بە دۆخێکی قوربانیدانی عیرفانییانە بیروهۆشی چالاکانی فەرهەنگی و جڤاکی دادەپۆشێت. ترس لە گۆڕانی پێشبینینەکراو، ڕۆحی وەپارێز(موحافیزکار) بەرەو لاڕێیەکان دەبات تا بەشکم ڕێگەیەک بدۆزێتەوە تا کۆمەڵگە و دەسەڵات لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە بهێنێتەوە سەر ڕێچکەی دروست. ئەم تراویلکەیە لە چاکسازیدا کاتێکی زۆری مێژوویی کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە بۆ بنیاتنانەوە بەفیڕۆ دەدات و لە چرکەساتێکی مێژوویدا ڕۆحی ڕادیکاڵ هێڵێکی ڕاست و چەوت بەسەر ڕەوتی شیرین شەل و سەمەنگوڵی ڕیفۆرمدا دەهێنێت؛ ئەم تراویلکەیە ئەو کاتە دەرەوێتەوە کە "بێهیوایی" بگاتە لووتکە. وەک ئەوەیە هەموومان هەموو شتێک لەدەست بدەین. لە کۆمەڵگەی هەڵوەشاوەدا پێویستە هەموومان هەموو شتێک لەدەست بدەین تا لە کردەیەکی شۆڕشگێڕانەدا ببینەوە بە خاوەنی هەموو شتێک. مەبەست ئەوەیە تا ئەو کاتەی چینە خاوەن بەرژەوەندییەکان بتوانن سەرمایەی خۆیان بپارێزن کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە ناتوانێت خۆی بنیات بنێت و ڕیفۆرمیش هیچی لێ ناوەشێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ پەنا بۆ مەترسیدارترین کردەی سیاسی دەبەن کە ڕەنگە ڕەوشتی ڕووناکبیرییش بباتە ژێر پرسیار؛ بەو واتایەی کە دۆخی جڤاکیی شێواو ببێتە پاساو بۆ بەکارهێنانی کردەیەکی نارەوشتی؛ ئەویش بریتییە لەوەی کە پەنا ڕووخاندن و داماڵینی چینە خاوەن بەرژەوەندییەکان ببرێت تا ئەوانیش هەموو شتێکی خۆیان لەدەست بدەن و "شۆڕش" کۆتایی بە تراویلکەی ڕۆشنگەری بهێنێت. لەم دۆخەدا ئەرکی ڕووناکبیر هەڵدەپەسێردرێت و تا دامەزراندنی شیرازەیەکی نوێی جڤاکی و بنیاتنەوەی کۆمەڵگە ئەم ئەرکە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە. بەگوێرەی بنەماکان، "ڕیفۆرم" باشترە لە "شۆڕش"؛ بەڵام ئەگەر بە کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە بگەین نە ئەرکی ڕۆشنگەرانەی ڕووناکبیر و نە ڕیفۆرم بە ئامانج ناگەن؛ تەنیا لەم دۆخەدایە کە بەشێوەیەکی سروشتی ئەرکی ڕووناکبیر کۆتایی دێت و بەدەر لەم دۆخە، هەر پاشەکشێیەکی ڕووناکبیر لە ئەرکی خۆی تەنیا ناوی "خیانەت" هەڵدەگرێت!